# کێشەی کارەباو ڕامبۆکانی ئاسایشی کوردستان

ئاسایشی کوردستان،وەکو هەر مۆدیلێکی تر لە دەزگا پۆلیسی و سەرکوتگەریەکانی حکومەتە خێڵەکیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،لە کاردایە بۆ پێشێل کردنی مافی سادەی جەماوەر بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر هەر کێشەیەک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانیانەوە هەبێ .
ئاسایشی شەقڵاوە وەکو ئاسایشی کەلار،وەکو ئاسایشی هەڵەبجە شتێک نازانن ناوی دیموکراسی بێ ،ئەوان دیموکراسی تەنیا لە لێدوانە ڕۆژنامەگەریەکانیان بە کاردێنن بۆ داپۆشینی پەلامارەکان و تاوانکاریەکانیان لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان،فەرهەنگ ومیتۆدی ئاسایش لە کوردستان بە موو جیاوازی نیە لەگەڵ فەرهەنگ ومیتۆدی پۆلیسی ئەخلاق لە سعودیە،لە گەڵ پۆلیسی باخچەکانی تاران ،لەگەڵ پۆلیسی ئەستەنبوڵ.
ئاسایشی کوردستان بە هیچ زمانێک قسە ناکا ،تەنیا زمانی گوللەو کێبل،زللەو کامیرا شکاندن نەبێ،هەر بۆیە فایلی ئاسایشی کوردستان لە نێو ئەرشیفی (ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال)لە بەر قورسایی لاپەرە شەرمەزاریەکانی کەس نیە ڕووی هەبێ خۆی بکاتە خاوەنی.
16 ساڵە حکومەتی پارە خواردن،حکومەتی شەڕی ناوخۆ لە سەر داهات،حکومەتی دەوڵەمەند کردنی زیاتری دەوڵەمەندەکان و هەژارتر کردنی هەژارەکان،حکومەتی دروشم و بەڵێنەکان،دەسەڵاتی بە کارهێناوە بۆ پاراستنی یەکێک لە دزێوترین سیستەمەکانی سیاسی کە حوکم گێران وەکو کەسابەتێکی هەتا هەتایی و دوکانێکی تاپۆکراو سەیر دەکا بە سەر خۆیان ونەوەکانیان،ئەم دەسەلاتە بە ڕۆژگارێک گەیشتووە کە خەڵکی کوردستان تەنیا بە یەک وشە دەتوانن مامەڵەی لە گەڵ بکەن کە ئەویش وشەی "بەسە"یە.
کێشەی کارەبا لە زمانی ڕۆژنامەگەریەوە نا،بەڵکو لە زمانی هەر کرێکارێکی دائیرەکانی کارەبا ،لە زمانی تەکنۆکراتەکانی پرۆفیشناڵی بواری کارەبا لە کوردستانەوە ،ئیمکانی چاک کردنی هەیە،تا ئێستا چەندین پرۆژەی تەکنیکاران و بیرۆکەی عەمەلی لەلایەن تەکنیکارانی کوردستانەوە پێشکەش بەم دەسەلاتە دەکرێ وپشت گوێ دەخرێ. پشت گوێ دەخرێ چونکە هەر لەنێو ئەم دەسەلاتەدا،توێژێکی گەورە لە بزنس مان پەیدابوونە کە نانیان لە بازرگانی کردنی مەکینەی کارەبایە،کە نانیان لە قاچاغچێتی نەوت و سوتەمەنی دایە،ئەوان بەرژەوەندیان لە مانەوەی تاریکیە،توێژێکی تر لە دێو و دیناسۆرەکانی فەسادی ئیداری لە نێو پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە،مشەخۆری پارەی پرۆژەکانی چاک کردنەوەی کارەبان ئامادەن نەک تەنیا 16 ساڵ تاریکی بەلکو چەندین سەدە لە تاریکی بەسەر ئەم کۆمەڵگەیە بسەپێنن.
لاپەڕەکانی سایتی دەنگەکان والایە، بۆ بەرێ خستنی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری لە سەرتاسەری کوردستان بۆ ناچارکردنی ئەم دەسەڵاتەبۆ بنەبڕکردن و چارەسەر کردنی کێشەی کارەبای کوردستان ، درۆ دەلەسەی کێشەی تەکنیکی ونەبوونی پارە بێ نرخترین قسەی 16 ساڵ بووەو چیتر جێگای قبوڵ نیە،ڕامبۆکانی ئاسایشی کوردستانیش بەیانی ئەگەر خۆیان لەبەرامبەر نەک تەنیا پۆلێ قوتابی،بەڵکو لەبەرامبەر هەموو خەڵکی کوردستان بینیەوە،ئەو کاتە دوو ڕێگایان لە پێشەو سێیەمی نیە،یان ئەوەتا دەبن بە بەشێک لە هێزی خەڵک بۆ چارەسەر کردن،یان تووشی هەمان تووڕەیی جەماوەری دەبنەوە کە لە ساڵی 1991 بنەو بارگەی سوپای عێراقی پێچایەوە.

**دەستەی بەڕیوەبەری سایتی دەنگەکان**

2007-12-05